# کۆمەڵەی قورئان خوێنان و مەریوان نەقشبەندی لەسەر شێوازی گێڕانی پرسە ناکۆکن





*بەدواداچوون:*
*سعدی شێخ ممووندی*

لـــەدوای پێشکەش کردنی پرۆژەیەک بۆ وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لەسەر ئەوەی کـەوا لـە کاتی بوونـی پرسەدا قورئان خوێنان قورئان نەخوێنن و بـەڵـکو لـە جـیاتـی ئـەوان ئامێری تەسجیل بـەکار بێت،لو بەدواداچوونێکدا سەرەتا کاوە شاکر قادر سـەرۆکی کۆمەڵەی قـورئـان خـوێـنـانـی کوردستان لەوەڵامی ئەوەی

لە پرسەکاندا تسجیل بەکار بێت قورئان خوێن نەبێت گوتی "بـەنسبـەت ئـەم شـتـەی کـەوا لەئارادایە کە نەهێشتنی قورئان خوێن لە پرسەکاندا وە هەروەها کـەم کـردنـەوەی ڕۆژانـی تازیە کە لە سێ ڕۆژەوە بکرێتە دوو ڕۆژ، ئێمە وەکو قورئان خوێن یاوەکو کۆمەڵەی قورئان خوێنان شتەکەمان زۆر پێ باش نییە، لەلایەکی لەوانەیە تەئسیر بکات لەسەر قورئان خوێنەکان وەکو لەسەر ژیان و گوزەرانی ئەوانی، دووەمینیش مەسەلەی ئەوەی سێ ڕۆژ بکرێتە دوو ڕۆژ ئەگەر ئێمەش ڕازی بین ئەوا لەوانەیە خەڵکانی کوردستان ڕازی نەبن، وەئەگەر پرۆژەکەش لەلایەنی کەسێک لە وەزارەتی ئەوقاف دانرابێت ئێمە لە نزیکەوە لەگەڵ جەنابی وەزیری ئـەوقـاف و کـاروبـاری ئاینی و بـەڕێـوەبـەری ئـەوقـافـی هـەولێر کۆبـونـەوەیـەکـمـان کـرد وەکو کۆمەڵە و قورئان خوێنەکانیشمان کۆکـردەوە ، جەنابی وەزیـر ئەم شتەی ڕەتـکـردەوە و وتـی ئێمە وەکـو وەزارەت ئـاگـادار نینە وەئـەگـەر کـرا بێ وەکـو شخص کـراوە وەکـو وەزارەت بڕیاری لەسەر نەدراوەو قسەشی لەسەر نـەکـراوە و بـڕیـارەکـەشـی جێ بەجێ نەکراوە بۆیە ئێمە بەڕاستی ئەگەرئەمە لە ئاراشدا بی پێمان باشە و داوا لە وەزارەتی ئەوقاف و کـاروبـاری ئاینی دەکەین ئەم شتە بە چاوێکی فراوانتر سەیر بکات". لەوەڵامی ئـەوەی ئەگەر ئەم پرۆژەیە بـەرەو پێشتر چوو ئایا ئێـوە وەکـو کۆمەڵەکەتان بـەنیازی چین؟ نـاوبـراو گوتی "ئـێـمـە وەک قـورئـان خوێنان نەوەکوو بە تەنها لە هەولێر بەڵکو پەیوەندیمان لەنزیکەوە لەگەڵ قـورئـان خوێنەکانی سلێمانیش هەیە، لەم نزیکانە برایانی قورئان خوێنی سلێمانی هاتبوون کەوا داوایان لێکردین وەکو ڕێ پێوانێک یا خۆپێشاندانێک بکەین لە پێش پەرلەمان و وەزارەتـی ئەوقاف، ئێمە باسی ئەوەمان کرد جارێ پـرۆژەکـە لـە دیـراسـەکـردنـە و جێ بەجێ نـەبـووە، بـەڵام ئەگەر کـرا ئێمە لـەم بڕوایەین قورئان خوێنان بـەم شێوەیە ناوەستن داوای ئەوە دەکەن ئەم شتە بەم جۆرە چارەسـەر نابێ، بۆیە ناچار دەبین چـارەسـەرێـک بدۆزینەوە قـورئـان خـوێـنـەکـان لـەم شتە زەرر مەندێکی زۆر دەبن نەوک بەتەنها قورئان خوێن بەڵکو لە کوردستان شێوازی پرسە تێک دەچێ" .سەرۆکی کۆمەڵ لەبارەی ئەوەی ئایا خەڵک لەگەڵ ئەوەیە ئـەم پـرۆژەیـە سـەر بـکـەوێ یا لەگەڵ ڕای ئێوەن ؟ گوتی" خەڵکی کوردستان لە ئاستێکی وانین کەوا بیانەوێ ئەم پرۆژەیە جێ بەجێ بکرێ چونکە ئێمە وەکو باسم کرد لە خەڵک زۆر نزیکین ڕۆژانە پەیوەندیمان پێ دەکرێ بەتەلەفۆن و یاخود لە نزیکەوە دێن سەردانی کۆمەڵە دەکـەن، کە بەم پرۆژەیە دلگرانن دەڵێن ئێوە داتـان ناوا وا گومان دەبـەن کـەوا ئێمە ئەم پرۆژەیەمان داناوە بۆیە من لەم بڕوایەم خەڵکی کوردستان لەگەڵ دەنگی ئێمەن"

نـاو بـراو لـەوەڵامـی ئەوەی دەستکەوتەکانی کۆمەڵەکەتان بۆ ئەندامی چییە؟گوتی"کۆمەڵەی قورئان خوێنان لە ساڵی ٢٠٠٤ وە دامـەزراوین وە لە پێش ئێمە لـە سلێمانی کـۆمـەڵـەیـەکـی تر هەبوو لە کاتی دوو ئیدارەیی وە بیستمان کە کۆمەڵەکەیان ڕاگیرا ، بۆیە ئێمە لە پایتەختی هەرێم بە پێویستمان زانـی ئـەم کۆمەڵەیە هەبێت . کۆمەڵەکەمان پێک هاتووە لـە ئـافـرەتـان و پـیـاوان نزیکەی زیـاتـر لـە ٤٠٠ ئـەنـدامـان هـەیـە ئەندامەکانیشمان هەمووی قورئان خوێنی پرسەکان نینە بەڵکو هەیە فەرمانبەرە مامۆستایە قوتابیەو دکتۆرەو هەموو چین و توێژەکانی لەخۆ گرتووە، بەڵام ئەوانەی کە لە پرسەکاندا دەخوێنن نزیکەی ١٠٠ کەسن بە پیاو و ئافرەتان بۆیە کارەکانیشمان جۆراو جۆرە خول دەکەینەوە شێوازی خوێندنەوەی قورئان و هونەری دەنگ و ئەم جـۆرە شتـانـەیـان فێر دەکەین ڕۆژانەش چەند کەسانێکمان وەکو دەستەی کارگێڕی لە کارەکانی خۆمان دەست بەکارین و بەهیوای ئەوەین زیاتر خزمەتی قورئان خوێنان بکەین".

کاوە شاکر لەوەڵامی ئەوەی لـەگـەڵ کـۆمـەڵـەی هاوچەشنی خۆتان لەسەر ئاستی عێراق و دەرەوەی عێراق یەکتر ناسینتان هـەیـە ؟گـوتـی "لـەسـەر ئاستی کـوردسـتـان لـەگـەڵ سلێمانی و دهۆک و سۆران یەکتر دەناسین، لەسەر ئاستی عێراقیش لەگەڵ قورئان خوێنانی بەغدا و بەصرە و کـەربـەلا موصل و کەرکوک بـرادەراتـی و یـەکتر ناسینمان هەیە، بەڵام لەگەڵ دەرەوەی عیراق هیچ یەکتر ناسینێکمان نیە "دوایی ڕوی پرسیارمان کردە ئەندامێکی ئافرەتی کۆمەڵەکە کـەوا لەناو کۆمەڵگەی کوریدیماندا بە مەلا ژن ناوزەند دەکرێن بەم شێوەیە بۆمان دوا :

م . ناهیدە یەکێکە لە دەستەی کـارگـێـڕی کـۆمـەڵـەی قورئان خوێـنـان لـەوەڵامـی ئەسڵی ئەم پرۆژەیە چییە؟ گوتی "ئێمە وەکو ئـەنـدامـانـی کـۆمـەڵـەی قورئان خوێـنـانـی کـوردسـتـان ناڕازین بەرامبەر بەم پرۆژەیە، بە پێویستی نازانین وەئەگەر ئەم پرۆژەیەش لە وەڵامـی ئەوەیە کـەوا هەندێ قورئان خوێن کەمترخەمی دەکەن بەرامبەر بەو برە پارەی دیاری کـراوە و زیـاتر وەردەگـرن، یا بڵێین استغلالی خاوەن پرسەکان کـراوە ئـەوا دەکـرێ وەزارەتـی ئەوقاف لێژنەیەکی دیاری کراوی هـەبـێـت ئـەوانـەی سەرپێچی دەکـەن سزا بدرێـن، نەوەکوو ئـەوانـەی سـەرپێچیان نەکردوە بـە ئـاگـری ئـەوانـەوە بسوتێن و تاوانبار بکرێن، بۆیە چاکتر وایە بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف یا وەزارەتـی ئەوقاف لێژنەی هەبێ نـەوەکوو لە پرۆژەیەکدا بیر لە نـەمانی خـوێـنـدنـەوەی قورئان بکرێتەوە لەلایەن قورئان خوێنان و مسجلێک دابنرێ چونکە ئێمە کاتێ لە پرسەکاندا ئامادە دەبین بەتەنها خەریکی خوێندنی قورئان نین بەڵکوئامۆژگاری پێشکەش بە ئا فرەتانی ئامادەبووی پرسەکە دەکەین "

بۆزیـاتـر ئـاشـنـا بـوون بە پڕۆژەی ناوبراو لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ خاوەنی بیرۆکەی ئـەم پـرۆژە بـەڕێـز (مەریوان نەقشبەندی ) گـوتـی "مـن ئەم پـرۆژەیـەم ئاڕاستەی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی کردوە و بـەڕێز وەزیـری ئـەوقاف پێی ڕاگەیاندم کەوا پرۆژەکە ئەخەینە بـەرنـامـەی کـاری وەزارەت و، ئەیخەینە بەر دەستی ئەنجومەنی بـاڵای وەزارەتـی ئـەوقـاف کەوا باڵاترین ئەنجومەنە لە وەزارەت. ئاگادارم ئیقبالێکی باشی پڕۆژەکە هـەیـە چ لـەلایـەن وەزارەت چ لەلایەن یەکێتی زانایان چ لەلایەن جەماوەری کوردستان. دەربارەی ئەوەی کـەوا قورئان خوێنەکان ناڕازین بەم پڕۆژەیە ئەوا تەنها لـەڕووی مـادیـەوە زەرەر مەند دەبـن ئەگینا هیچ پاساوێکیان نیە وەلـەڕوی شەرعیشەوە هیچ پاساوێکیان نیـە،من دەڵـێم بۆ ئەوەی ئەم کێشەیەش چارەسەر بێت ئەندامی کۆمەڵەی قورئان خوێنان ئەوانەی کە دانەمەزراون ئـەوا دابمـەزرێـدرێـن بۆ ئەوەی ئەم پاساوەش نەمێنێت، هەروەها من دەڵێم ئەگەر لە پرسەیەکیشدا قـورئـان خـوێـنـدرا بـەڵام بەبێ بەرامبەر بوو ئەوا هیچ کێشەو گرفتێکمان نیە، نـەوەکـو بە بـەرامبـەر بێت وەهـەروەهـا ئەم پرۆژەیە ١٤ خاڵی لە خۆگرتووە یەکێکیان ئەوەیە کە قاری نەبێت ئەگینا خاڵی تـر هـەیـە وەکـوو لەسەرتاسەری کوردستان پرسە یەک بخرێت نەوەکوو لە هەولێر سێ ڕۆژبێت و لە سلێمانی دوو ڕۆژ،مـن ئێستا ئـاگـادار لـە زۆر شوێن وەکـو ئـەم پـرۆژەی من داوام کردووە پرسەکان بەڕێوە دەچێت و کاسێت بەکار دێت وە کاسێتەکانیش ئێستا لە بازاڕەکاندا ئامادەیە وە لە کۆیە و لە دهۆک بەم شێوەیە پرسە بەڕێووە چووە، لە هەولێریش بەڕێز مامۆستا مەلا بشیر پرسەی هەبووە بەم شێوەیە بـەڕێـوەی بـردووە کـە جێی دەستخۆشیە"

## بەیاننامەیەک لە مامۆستایانی ئاینی و خەم خۆرانی میللەت:
## بەبۆنەی سوکایەتیکردن بە پێغەمبەران و تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان

لە بەیاننامەیەکی کۆمەڵێک لە مامۆستایانی ئاینی زۆر بەتوندی دژ بە تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان وەستانەوە و، ڕوونکردنەوەیەکیان داوە لەسەر هەندێک نووسەر کە بێ دەنگن بەرامبەر ئەو تاوانە، بەڵام بەکژ پیرۆزیە ئاینەکاندا دەچن لە لایەکی بەیاننامەکەدا هاتووە:

لەکاتێک دا ئێمە سەرقاڵی نوسینی ئەم بەیاننامە بووین هەواڵی تیرورکردنی ڕۆژنامەنووسێک مان پێگەیشت بەناوی سەردەشت عوسمان ئێمە وەک مامۆستایانی ئایینی لەڕۆژی هەیینی لەسەر میمبەر باسمان کردووەو هاوسۆزی و هاو خەمی خۆمان دەردەبڕین بۆ ئەم بەڕێزە و داوا دەکەین بەزووترین کات تاوانباران بەسزای خۆیان بگەن و ڕێگریش لەم کارە دزێوەبکەن تا دووبارە نەبێتەوە , دەسا ئێوە ڕۆشەنبیران هاو خەبات و هاو سەنگەر لەگەڵ مامۆستایانی ئاییـنی لەبەرامبەر پێشێلکاری و گەندەڵی و ناعەدالیەتیەکان با دەنگمان بەیەکەوە بێت بۆئەوەی زیاتر و زۆر تر لەیەک سەنگەر خزمەتی ڕۆشەنبیر بکەین وئەزمونی کوردستان وجارەنوسەکەی بپارێزین.

ئەم پەیامە دلسۆزی و خەمخۆریە لەلایەن میراتگرانی پێغەمبەران و خەمخۆرانی ئەم میللەتە بۆ سەرجەم چین و توێژەکان و لەنێو ئەوانیشدا بۆ سەرۆکی هەریم و سەرۆکی حکومەت و سەرۆکایەتی پەرلەمان و هەموو ئەو دام و دەزگایانەی لە حکومەتی هەرێمدا باڵادەستن ، بەیاننامەکەمان بەپەرۆشەوە قەبوڵ بکەن و هەرچی زووە ڕێگری لەم کارە بکەن و هاوسۆزی و هاوهەڵوێستی خۆتان ڕاگەیەنن بۆ پێکەوە ژیان و تەبایی و ئاشتی و خۆشگەزەرانی و سەقامگیری هەرێمەکەمان ،گرینگی پێدان نیشانەی خەمخۆریتانە بۆ ئایین وخاک وولات.

کۆمەڵێک لە پێش نوێژ و وتارخوێنانی شاری هەولێر و دەوروبەری

دەقی بەیاننامەکە وەک خۆی لە سایتی ستاندەر بخوێنەوە

## پاشماوەی: " کوشتنی سەردەشت و دوو وشەی دوای ڕەهێڵ ...

یـەکگـرتـوە بـۆ دەرچـــوون بە خیتابێکی کوردی یەک هەڵوێست، وکـۆتـایـی هـێـنـان بەبڕیاری مـۆنـۆپـۆڵـکـراو بـۆ دوو حزبە گەورەکە. ئەو میدیایە تەشهیرییە دەق لەو کۆڕە سیاسیانە دەچێت کە هەر جارەی یەک دوو کەسی ڕەوتی کۆمەنیست دەهاتنە ناوی وهەموو جەوی هۆڵەکەیان تێک دەدا، ئێستاش ئەو جۆرە میدیایە کەسانێکی دەسـت ودەم پیس بەڕێوەی دەبەن بە لێشاو جوێن وقسەی ناحەزی دوور لە هەموو ئـاداب وبـەهـایـەک دەبەشنەوە بـەبـێ گـوێـدانـە هـیـچ شتێک وهیچ بارودوخێکی ناسکی کە میللەتەکەمان پێی تێدەپەڕێت. جێگای داخە کە وازەن دەکرێت کە ئەو میدیایە کەسانێکی دیاری گـۆڕەپـانـی سیاسـی بەڕێوەی دەبـەن، وبە ئاشکرا خیتابێکیان هـەیـە وبـە نـهـێـنـی خیتابێکی تـر. ئـەو ڕەوتـە میدیاییە بەو شـێـوەیـەی ئێستا کوردستان بەرەو لەتبونێکی گەورەتر دەبات ومەترسی هەیە دیسان شەڕی هـێـزەکـانـی سلێمانی وهەولێر هەڵگیرسێنێتەوە، گومانم نیە لە دڵـسـۆزی خـەڵـک لـە دەربڕینی نـاڕەزایـیـەکـان، بـەڵام زۆر بە گومانم لەو دەستە پیلانگێڕەی کە لـەوەتـی هەیە لەسەر پیلان دەژێت کە دەیەوێت (فەوزایەکی خـەلاق) لە کوردستان دروست بکات بۆ درووێنەی ئەنجامەکانی لە بـەرژەوەنـدی خۆیدا. لە دوا وشەمدا دەڵێم کاکە سەردەشتی جوانە مەرگ هەرگیز موستەهەقی ئەو چارەنوسە نەبوو، هەرگیز موستەهەقی ئـەو پلانە نهێنیە نـەبـوو، هـەرگـیـز موستەهەقی ئەو کوشتنە دڕندانـەیە نەبوو، بـەڵام هـەڵـەی هـەرە گـەورەی ئەو بەڕێزە دوور لەو جۆشان وخرۆشـانـە سـەرتـاسـەرەی کە زۆر جار هەقیقەت بزر دەکات ئەوەیە، یاری نهێنی وتەمومژاوی ئـەنـجـامـی لـێـڵ ونهێنی لـێـدەکـەوێـتـەوە، سەردەشتی خەمخۆری خەونی لاوان زۆر لـەوە پاکتر بـوو نوسینەکانی لـەو سایتە تەشهیریانە وبەو شـێـوازە تـەشـهـیـریـە وبەناوی نهێنی بڵاوبکاتەوە، گومانم نیە لەوەی کە دەیتوانی هەموو ئەو خەونانەی کە هەیبوو بۆ لاوانی ئەم وڵاتە لە نوسینە ئاشکراکانی بەرجەستەیان بکات دوور لە زمانی زبر وتەشهیر وئابڕوو تکاندن. خوای گەورە سەردەشت بە بەهەشتی بەرین شاد بکات گەنجانمان لـە هـەمـوو پلانێکی گـڵاوی دوژمـنـان وسیاسیە پیلانگێڕەکان بپارێزێت.